# یاسای مەیموون!

**نوسینی: مەیموونزادە**
yasnakan@hotmail.com

تا ئێستا نازانم کام پیت و کام وشە، بە پێی یاسا نوێیەکەی پەرلەمانی کوردستان دژی یاسا دەوەستێتەوە و سزای لە سەر هەیە. نووسینی وشەی (ئەنفالچی) هێندەی ئەنفالچی قەدەغەیە یا قەدەغەترە؟ بەکارهێنانی وشەی (موستەشار) و (فایلدار) هێندەی موستەشارێتی و فایلدارێتی یاساغە یا یاساغترە؟ ئایە کەرامەتی نەتەوەیی کورد بە جاشێتی و خیانەتکاری و دزیکردن دەڕووشێ یا بە بەکارهێنانی ئەو وشانە؟ پیاو دزی بکا، نایاسایییە بەڵام نابێ هێندەی باسکردنی دزیکردن و دز نایاسایی بێ! نا، ڕستەکەم ناتەواوە. ڕستەکە ئاوهایە: دزیکردن یاساییە بەڵام باسکردنی نایاساییە! دز، یەک ملیارد دەدزێ و یاسا ئۆف ناکا، بەڵام قەڵەمێک بڵێ یاسا ئۆفی نەکرد، دەبێ دە ملیۆن دینار سزا بدرێ! خیانەتکردن کەرامەتی نەتەوایەتی ناڕوشێنێ بەڵام باسکردنی خیانەت، دەیرووشێنێ بۆیە سزای لە سەرە!

پەرلەمانی زۆر بەڕێز و تا مۆخ نوێنەری خەڵکی کوردستان، لە ئاستی تورکدا هێند شەرمنە، لە ڕووی نایێ بڵێ: قەبووڵ ناکەین هێرش بێنن و ئەگەر بێن دەبێ بە سەر سکماندا بێن، بەڵکو دەڵێن هێرشهێنان ڕەت دەکەینەوە و با برا بین و ئێمە بە نانی ئێوە دەژین... ئەوانیش دەڵێن: کوردەکانی شیمالی عیراق خەریکە عاقڵ دەبن! پەرلەمانی بەڕێز، ڕێزم هەیە، بۆ ئەو سووکایەتییانە دەستەمۆیە. کەچی بۆ گیانی خۆمان... ناوێرم بیڵێم نەک نایاسایی بێ! بەڵام دەوێرم قسەیەکی بەغدایییەکان باس بکەم... خۆ ئەوان یاسایان بۆ گێڕانەوەی قسەی خۆیان دانەناوە. بەغدایییەکان دەڵێن: باوکم هەر بە دایکم دەوێرێ!

ئەرێ لەمەولا چۆن بنووسین و چی بنووسین؟ بۆ هەر گوتارێک، دەبێ پێشەکی دە ملیۆن دینار دانێین. ئەو گۆڤار یا ڕۆژنامەیەی کە گوتارەکە بڵاو دەکاتەوە، دە ملیۆن دەدا تا قەرەبووی نووسەری گوتارەکە بکاتەوە؟ چی لە بارەی سوڵتان هاشمەوە بڵێین؟. خۆ یاسا ئەوەی دیاری نەکردووە. خۆ ناوهێنانی <u>مامۆستا</u> عەلی کیمیاوی لە یاساکانی کوردستاندا سووکایەتی نییە بە مەسەلە نەتەوایەتییەکان! دەبێ هەر نووسەرە و ڕەوێ ئەوقات و پارێزەری بە دواوە بێ تا لەم دادگا و لەو دادگا بەرگریی لێ بکەن و ئەمەش هەر بە لێپرسراوەکان دەکرێ. کەواتە، لێپرسراوە ئیداری و سەربازی و سیاسییەکان، خۆیان بەرپرس و خۆیان نووسەر و خۆیان ڕەخنەگر و خۆیان حاکمن... هەم دز و هەم خاوەن ماڵ... هەم شەقوەشێن و هەم... هەم... (ترسی یاسا و ڕەقابەی پەرلەمان لێ ناگەڕێ ڕستەکە تەواو بکەم!!)

بە داخێکی گرانەوە سۆفییەکی ئەهلی هەق کە لە گوڵەگەنم و ڕێواس خولقاوە، خۆی قەڵەمدارە و خۆشی لایەنگری سزادانی قەڵەمە! بەغدایییەکان دەڵێن: پارێزەرەکانی دەیدزن! من وام نەگوتووە، بەڵکو بەغدایییەکان وا دەڵێن و پەرلەمانی زۆر بەڕێز، خۆ ناچنە سەر بەغدایییەکان! سەیرە! تا ئێستا هەر لێمان قەومابێ لە دەست بەغدا ڕامان کردووە بۆ شاخەکانی کوردستان، کەچی ئێستا دەبێ لەگەڵ لێقەوماندا ڕاکەین بۆ بەغدا تا خۆمان بدەینە پەنای یاسای ئەوێ! ئەم ئازادییە چ بەڵایەک بوو تووشمان بوو! ئێمە لەگەڵ کۆیلایەیدا ڕاهاتبووین و لە پایتەختاکانی دەوروبەرەوە، بە پلانی ئەوانەوە هاتن و لێیان تێکداین. خۆ لە سێبەری ئاغاکانماندا نەدەوێراین باسی ئەلفوبێ بکەین! داشبەداش، لە سیاسەتیشدا دەگونجێ: ئەوەی دوێنێ (وەڵڵاهی دەنا دەیڵێم...) جاش و بێ شەرەف بوو، ئەمڕۆ بەشەرەف و باشە و ئەوەی دوێنێ باش بوو، ئەمڕۆ سەری بە قەبری بابێ!

باوکم هەر بە دایکم دەوێرێ! کاک (عە...) ناوی کەسم نەهێناوە، ها!... کاکێک لەو کاکانەی ئەو گۆڕە، کە ئێستا لە حەج لێمەوە دوورترە، کاتی خۆی دەیگوت: کوڕە کوردایەتی چی! ئێمە لەم ناو شاخانە چاوەڕوانی چارەنوسی خۆمان دەکەین!" ئێستا بڕیار دەدا چ وشەیەک یاساییە و کامەیان نایاساییە! ئەو دەمە خۆی لە دەست یاسا هەڵهاتبوو و ئێستا لەو یاسایانەش خراپتر و توندوتیژتر بە سەر قەڵەمدا دەسەپێنێ! ئیدی ڕۆژگارە جارێ ئەم درێژە و جارێ ئەو! جەنابێ (عە...) پێناسەی کەرامەتی نەتەوایەتی و پیرۆزییەکانی نەتەوەی

نەکردووە تا ئەگەر سبەینێ بنووسین (جەنابی عەلی کیمیاوی برۆ بە سەر چاویەوەیە) یا بڵێین ئەرمەنەکان دەسبەرداری خوێنی قوربانەکانی 1915 نابن، یا ب:ێین ساڵی لە ساڵان کورد ئەنفال کراوە، دەڵێن: ئەوە کەرامەتی نەتەوایەتیمان دەڕووشێنن و بیگرن و دە ملیۆنی لێ سێنن!

بە پێی یاساکانی بەغدا، دەبێ جەنابی کاک سوڵتان هاشم و ڕێزدار کاک عەلی کیمیاوی، خوانەخواستە ئیعدام بکرێن. بەڵام پاشای یاسای کوردستان دەڵێ... بە خوا نازنم چ دەڵێ با تەماشای ئەنسکلۆپێدیاکەی بکەم! وا بزانم دەڵێ: ئەوانە لە کاتی ئەنفالدا ئەندامی سەرکردایەتی بوونە. خۆ ڕەنگە وا بووبێ، چونکە فایلدارەکانی لای خۆشی، کاتی خۆی، ئەندامێ شوعبە و موعبە بوونە. لە ڕاستیدا یەک ماڵ بوون و قورعان دەخۆم بە فەرمانی ئەوان شۆڕشیان کرد. خۆ ئەمە نایاسایی نییە، پەرلەمانە شەرعییە زۆر هەقانییەکەی کوردستان!

چی بنووسم خوایە؟! یاسا دەوری تەنیووم! ئاخر دە ملیۆن لە کوێ بێنم و چۆن بەرگەی حەکمی هەتاهەتایی بگرم؟ ئەو پارەیە لەو مانگانەیەی کە پەرلەمان و حکوومەتەکەی دەمدەنێ و پاشەکەوتم کردووە بدەم؟ هەموو تەمەنم بە فیراری و دەربەدەری بردبێتە سەر، تەمەن لە کوێ بێنم تا هەتا لە بەندیخانە بەسەری بەرم؟ ئاخر خواتان لێ ڕەزا بێ، خواتان بێ! ناوەڵا با منیش وەک مەیموونەکانی دەوروبەری پەرلەمان و حکوومەتی زۆر بەڕێزی هەرێم سەرمەقولات بدەم و بە کلکم خۆم هەڵواسم! کلک، هەم ئێسقان دەشکێنێ هەم پارسەنگی مەیموون بە لقەدارەوە ڕادەگرێ. مرۆ، کە لە سەرەتاوە کلکی بووبێ، ئێستا بۆ نەیبێ؟ هەر دەبێ قارەمان بم؟! نا چی دێ قارەمان نیم!

خۆزگە بە خۆتان کۆنە بەعسییەکان!

خۆزگە بە خۆتان کۆنە جاشەکان!

خۆزگە بە خۆتان کۆنە هەموو شتەکان!

خۆزگە بە خۆتان فایلدارە چەپڵەڕێزان بۆ کراوەکان!

شێخ ڕەزای تاڵەبانی فریام کەوە. ئەو شێخە شتێکی لەم بابەتەی فەرمووە:

کەر بووم نەمزانی تا ڕیشم نەبوو ... بدەم     مستەفا بەگ چاکی کرد، تا ڕیشی هات هەر ...ی دا

کاتی خۆی چۆنتان خوارد، ئێستاش هەر وای دەخۆن. منیش چۆنم خوارد، ئێستاش هەر وای دەخۆم. ئێوە پارە و منیش شەق. بەڵام بڵێم چی هەردوو لامان، بە بەشی خۆمان ڕازین.

بەختەوەرین خاوەنی پەرلەمانین. قیڕسیا لە نەرمونیانییەکەی بۆ کەرکووک و گەرمیان و خۆڕاگرییان بەرانبەر سووکایەتی پێ کردنی تورک... قیڕسیا لە توندوتیژییەکەی بەرانبەر منی دوێنێ پەیژە و ئەمڕۆ لامل و سبەی مەیموون.

ببوورن بەڕێزانی پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان و نەهەنگە تێرنەخۆرەکان، زۆرتان نەماوە خۆرتان لێ هەڵبێ... وردە وردە خۆتان بشارنەوە!

.